# داڕشتن

پێناســــــــــــــــــــەوچەمکی دارشــــــــــــــتن

یەکیـێکە لە کارەکـانی پرۆگرامـی خوێنـدنبە پلانیێکـی تەواولەدیمەنەبینراوەکــــان بە پێــــی پێشــــــبینیەکی وەرگێــــــردراوی دیــــــاریکراوی بیروهەســــــتەکان . یان/کۆکراوەو ئەنجامی بیری نوســەریان قســەکەرە لە گوزارشــــــتی بیــــــری بە پشــــــت بەســــــتن بە بەلگەونمــونەودیمەن وکــارامەیی و ئەزمــونی ژیــانی نوسـەر.

# جۆرەکانی داڕشتن

- داڕشتنی زارەکی، داڕشتنی نووسراو .
- پێناسەی داڕشتنی زارەکی
- چالاکییەکە لە چالاکییەکانی زمان، بیروباوەڕ و بۆچوون و زانیاری و داواکاری پێ دەگوێزرێتەوە بۆ کەسانی دەوروبەر بە رێگەی دەنگ .
- داڕشتنی نووسراو
- چالاکییەکی زمانی و بیری و جەستەییە کە زانیاری بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی پێ دەگوێزرێتەوە لە نووسەرەوە بۆخوێنەر، بە رێگەی پیت و هێما.

# ڕێگاکانی گوتنەوەی داڕشتن

- یەکەم ڕێگای دەق
- دەقی ئەدەبی، زانستی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ... هتد، مەبەست لەم ڕێگایە ئەوەیە کە مامۆستاکە دەقێك دەخوێنێتەوە و پاشان ڕاڤەی دەکات و ناوەڕۆکی دەقەکە لەگەڵ مەبەستی سەرەکی دەقەکە ڕوون دەکاتەوە، پاشان داوا لە قوتابیان دەکات بەشدار ی لە گێڕانەوەی دەقەکەدا بکەن .
- دووەم/ ڕێگای گرفت
- مامۆستا بابەتێك دەستنیشان دەکات و پاشان وەکو گرفتێك دەیخاتە ڕوو، لە ئەنجامی بەشداریکردنی قوتابییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کۆمەڵێك ڕاوبۆچوون پەیدا دەبێت، بیرۆکە چاکەکان هەڵدەبژێرێت و یەکە یەکە لەسەر تەختەرەش دەیان نووسێتەوە .

- سێیەم/ ڕێگای پرسیار

- مامۆستا بابەتێك دەستنیشان دەكات، لە ماڵەوە چەندین پرسیار دادەنێت، ژمارەی پرسیارەكان لەنێوان ٢٠ بۆ ٣٠ پرسیارە و وەلآمی پرسیارەكان بەپێی ریزبوونیان دەبێتە داڕشتنێك

- چوارەم/ ڕێگای تەواو كردن

- بە هەمان شێوە لە ماڵەوە مامۆستا بابەتێك ئامادە دەكات، ٢٠ تا ٣٠ رستە دەنووسێتەوە كە بە هەموویان داڕشتنێك پێك دەهێنن، پاشان رستەكان بە نیوەناچڵی دەنووسێتەوە و داوا لە قوتابیان دەكات رستەكان تەواو بكەن .

# شێوازەکانی داڕشتن

- یەکەم/ شێوازی وەسفي
- ئەم شێوازە پشت بە وەسف کردنی بەرجەستەیی و هەستەوەری شتەکان دەبەستێ، ئەم شێوازە بۆ قۆناغي سەرەتایی و حەوت و هەشت دەگونجێ .
- دووەم/ شێوازی راپۆرتي
- کۆڵێك رووداو و بەسەرهات دەخاتە روو کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، ناوەرۆکەکەی وەك نیمچە چیرۆك وایە و گەرچی خۆی لە خۆیدا چیرۆك نیە و لەجیات هونەری چیرۆك نایەت
- سێیەم/ شێوازی جەدەلی، گفتوگۆ
- ئەم جۆرە داڕشتنە لەسەر بنچینەی دایەلۆگێکی زەینی و بیر دروست بووە گفتوگۆ لەسەر پروایەك یان بیرێکی دیاریکراو دەکات